# پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە٤٠٢- نیوەی ئەوەلی خاکەلێوە ١٣٩٨-مارس٢٠١٩




**لەزەرە و زیانی سیلاوی ئیران کی تاوانبارە؟**

سەروتار




**بزوتنەوەی «جومعەکان» بۆ داهاتو**

لاپەرەی٢



**لە یادی بومبارانی شیمیائی هە لبجە و گیان بە خت کردوانی گوردانی شوان**

لاپەرەی٤



**پوویەندە، هەڵوەدای وتو وێژ، پێکەنین و ئازادی**

لاپەرەی٣



**پێشوتاری فرێدریش ئینگڵس و کارل مارکس لەسەر کتیبی هەژدەهەمی برومێر لویی بێناپارت**

لاپەرەی٦



**بە ریوە چونی ریورە سمی ٨ی مارس لە مە قە ری ناوە ندی کومە لە(زە رگویز)١٣٩٧**

لاپەرەی کوتائی

سەروتار

## لەزەرە و زیانی سیلاوی ئیران کی تاوانبارە؟

بارانی بە خوڕ زۆربەی ئوستانەکانی ئێرانی گرتەوە و سێڵاو لە بەشێکی زۆری ئێران زیانی گیانی و وێرانی بەرینی بەشوێنەوە بووە. زیانە گیانی و ماڵیەکانی سێڵاو بەردەوام بەرەو زیاد بوونە. تا ئیستا بەو هۆیەوە دەیا کەس گیانیان لەدەستداوە، سەدان کەس بریندار بوون. بە هەزاران ماڵ وێران بوون و بە سەدان هەزار کەس دارونەداریان لە دەستداوە. بەرین ترین سێڵاو لە تورکەمەن سەحرا، واتە ئوستانی گوڵستان هەستاوە کە زۆر ترین زیانی ماڵی و وێرانی بەشوێنەوە بووە. لە شیراز، تەنیا لە دەروازەی شار ٢٠ کەس گیانیان لەدەستداوە. ئاشکرایە کە ڕێژەی زیان و وێرانیەکان گەلێک لەوە زیاترە کە ناوەندە ڕەسمیەدەوڵەتیەکانی ئێران ڕایدەگەیەنن. بەڵام بەراوردی زیانەکان و ئاسەواری سەرچاوە گرتوو لەم جۆرە بەڵا سروشتیانە، لە هەموو جێگایەک بە شێوەیەک پێی دەوڵەتەکان و نیزامی حاکم دێنێتە گۆڕێ. نیزامێک کە بە قازانج پەرستی و زیدەخوازی بێ ئەو پەڕی خۆی هاوسەنگی ژینگەی جیهانی تێکداوە و هەر ڕۆژە لە گۆشەیەکی دنیا شاهیدی دواهاتە وێرانگەرەکانین. سێڵاو وەک بومەلەرزە و بورکان و سونامی و باهۆز و هیتر کارەساتێکی سروشتیە. بارینی بارانی بەخوڕ لە زۆربەی ناوچەکانی دنیا بەردەوام ئیمکانی ڕوودانیان هەیە، بەڵام ڕێژەی زیانەکانی سەرچاوە گرتو لێیانەوە لە هەموو جێگایەک وەک یەک نییە. ئینسانی سەردەمی ئێمە ئیتر کۆیلەی بێ ئیرادەی دەستی سروشت نییە، بەڵکو توانایی هەوسار کردنی هێزە سروشتیەکان و بەکار هێنانیانی هەیە لە خزمەت گەشە و کامل تر کردنی ژیانی خۆیدا تا ئاستێکی بەرچاو. ئەگەر لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمە گەندەڵەکانی وەک ڕژیمی پاشایەتی و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، هەموو ڕووداوێکی سروشتی دەبێتە کارەسات، هۆکارەکەی لە بنەڕەد دا نەک تەنیا توڕەیی سروشت، بەڵکو گرنگ تر لەوە لە وجودی نیزامی حاکمدا دەبێ بۆی بگەڕێی. ئەگەر بارانی بەخوڕ چارهەڵنە. بەڵام هەستانی سێڵاوی وێرانگەر چار هەڵگرە. ئەگەر بوولەرزە پێشی پێناگیرێ، دروست کردنی بینای قایم و پتەو لە بەرانبەر بوومەلەرزەدا ئیمکانپەزیرە. لە وڵاتێکی وەک ئێران بێجگە لە بوومەلەرزە، لە نەفسی هەستانی سێڵاویشدا شوێن پێی هۆکاری ئینسانی دەکری ببیندرێت. با وەک نموونە سێڵاوەکەی ئەم دواییەی ئوستانی گوڵستان هەڵبسەنگێنین کە کەم تا زۆرێک شاملی باقی شوێنە سێڵاو لێدراوەکانی تری ئێرانیش دەبێت: یەکەم، سێڵاوی تورکەمەن سەحرا لە ناغافڵ ڕووی نەدا. ئوستانی گوڵستان وەک ئوستانی فارس بەردەوام یەکێک لەو ئوستانانەیە کە لە ئێران کە بەردەوام سێڵاوی تێدا هەڵدەستێ. بەپێی ئامارەکانی مەجود لە ساڵی ١٣٧٠ وە تا ساڵی ١٣٩٥ زیاتر لە ١٢٠ جار سێڵاوی گەورە و بچوک لەم ناوچەیەدا ڕوویداوە. لە ساڵی ١٣٨٠ وێرانگەر ترین سێڵاوی ساڵی ٢٠٠١ لە دنیادا لەم ئوستانەدا ڕوویدا. لەو ساڵەدا سێڵاو زیاتر لە ٥ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشەی گرتەوە و زیاتر لە ٥٠٠ کەس گیانیان لە دەستدا. لە ساڵی ١٣٩٦ خوێندکارێکی قۆناغی کارناسی لە زانکۆ بوشەهر، بە نووسینی وتارێک لە نەشریەی زانستی ئەم زانکۆیەدا بە هەڵسەنگاندنێکی ورد و کارناسانە،" گورگان ڕوودی" وەک یەکێک لە گرنگ ترین هۆکاری هەستانی سێڵاو لە ئوستانی گوڵستان ناوبردبوو. ئەو کەوتنە ژێر ئاوی شاری ئاق قەڵا ی دوو ساڵ لەوە پێش بە هەڵسەنگاندنێکی دەقیق نەخشە بەرداری، پێش بینی کردبوو، کارەساتێک کە ئێستا ڕوویداوە. بەم گشتە ئەزمون و زانیاریەوە کە لەم بوارەدا بوونی هەیە سێڵاوی تورکەمەن سەحرا نەک نەدەبوو لە ناغافل روو بدات بەڵکو دەکرا کۆنترۆڵیش بکرابا. ئەگەر بودجەی پێویست بۆ ئەم بابەتە تەرخان بکرایە، دەکرا پرۆژەگەلێکی بەردەوام و ماندگار بۆ چارەسەری هەتاهەتایی گرفتی ئەم ئوستانە لە بواری کەوتنە ڕێی سێڵاودا جێبەجێ بکرێ. بەم جۆرە بارانی زۆر نەک مەرگ و وێرانی، بەڵکو ئاو و ئاوەدانی لەگەڵدا دەهات. دووهەم، سێڵاو لە ئوستانی گوڵستان چارهەڵنەگر نەبوو. توێژینەوەی کارناسانە نیشانی ئەدات کە وێران بوونی دارستانەکانی ئوستانی گوڵستان و شۆڕانەوەی خاک یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی ڕوودانی سێڵاوی بەردەوام لەم ئەستانەن.

بەڵام لە هەردووک حاڵەتەکەدا شوێن پێی سەرمایەدارانی قازانج پەرست و دەزگا ئیدارییە گەندەڵەکان دەبیندرێن. جەنگەڵ خۆری، وێران کردنی ژینگە، هەڵپوروکانی خاک، کە لە زومرەی هۆکارەکانی هەستانی سێڵاون، بەگشتی لە لایەن تۆڕەکانی مافیایی ئابووری سەربە ناوەندە دەوڵەتیەکانەوە بەرێوەچوون.

دەرێژی هە یە...

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 402-March.- 2019
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# به ریوه چونی ریوره سمی ٨ی مارس له مه قه ری ناوه ندی کومه له (زه رگویز)١٣٩٧

**رۆژی جومعە ٨ی مانگی مارسی ٢٠١٩ بە بۆنەی رۆژی جیهانی ژن ڕێورەسمێکی گەرم و گور بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە میوانانێک کە لە شاری سلیمانی و دەوروبەرەوە هاتبون و هەر وەها بنەماڵەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە. لە مەقەری ناوەندی کۆمەڵە بەریوەچوو. لەو مەراسیمە دا هاورێ سروە ناسری ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە و حیزبی کمونیستی ئیران، لە لایەن کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە ووتەیەکی پێشکەش کرد. ئەوەی لێرەدا دەی خوێننەوە، دەقی ووتەکەی هاورێ سروەیە.**




ئازیزان!
بەشداربووانی رێ و رەسمی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن!
میوانە بەریزەکان!

پر بەدڵ بەخێرهاتنتان دەکەم بە بۆنەی بەشداریتان لە مەراسمی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن. ئەمرۆژە تان لێ پیرۆز بێت.لە رۆژی ٨ی مارسدا یادی هەموو ئەو ئازیزانە دەکەینەوە کە لە زیندان و سیاچاڵەکاندا، لە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا، سەریان بۆ ستەمکاری دانەنەواند و گیانیان بەخت کرد.

با هەر لێرە دا یادی ئەو ژنانەش بکەینەوە کە لە ژێر زەختی داب و نەریتی دواکەوتووی ناو بنەماڵە و کۆمەڵگادا، لە ژێر زەختی پیاوەمزنی دا، هیوابراو بوون، بە داخەوە نەیانتوانی خۆراگری بکەن و گیانی خۆیان کردە قوربانی. ئەگەرچی ئەوان بە هەڵە بوون بە دەستەچیلەی ئاوری ستەمکاری، بەڵام داخیان بەجەرگمان و سەد ئەفسوس بۆ گیانی شیرینیان. هەر وەها یاددیک لە ئەو ژنانەش بکەینە، بێ بەزییانە کوژران تا کو هەستی بیزلێکراوی پیاوانێکی خۆ پەرەست کە خۆیان بە خاوەنی جەستە و دەرونی ژن دادەنێن، ئارام کەنەوە. هیوادارین ئەم دیاردەیە لەم کۆمەڵگایە دا بە تەواوی بنەبرٍ بێت.

بەرپزان!

ئەمسال لە هەلومەرجیکدا رێو رەسمی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن بەریوە دەبەین، کە شەپولی پر تین و تەوژمی خەباتیکی شۆرشگێرانە، لە هەموو گۆشە و کەنارێکی ئیران سەری هەڵداوە. خەباتێک کە ژنان تێیدا چالاک تر لە هەمیشە دەور دەنوێن.کۆمەڵی ئێران بەرەو بارودۆخێکی هەستیار هەنگاو دەنێ .جەماوەری بەرینی خەڵکی ئێران بە دەست هەژاری و دەستەنگی و بێکاریەوە دەناڵێنن، گرانی و دابەزینی ئاستی ژیان و بەرێچوونی خەڵک گەیشتوەتە رادەیەک کە لەوە زیاتر تەحەمول ناکرێت. ئازاری جەستەیی و دەرونی هەژاری ناو بنەماڵە بەر لەهەموو کەس بەسر ژنانی بنەماڵەدا قورسایی دەکات. بەڵام ئەوەی کە جێگای دلخۆشیە ئەو راستیەیە کە خەڵکی ئەو وڵاتە بە تایبەت چینی کریکار و ژنان و لاوان، ورەیان بەرزە و زەبر و زەنگ نواندن و سەرکوتگەری رژیم نەیتوانیوە چاوترسێنیان بکات. کرێکاران و ژنان لە ریزی پێشەوەی ئیعتراز و دەربرینی نارەزایەتی دان. ژنانی ئیران لە هەمان کاتدا کە لە ژێر زەختی کۆمەلێک یاسای دژی ئینسانی، ئەو رژیمە دان بەڵام بەردەوام لە بەرانبەریدا موقاوەمەت دەکەن. چاوخشاندنیکی سادە بەسەر کۆمەڵگای ئێران و تەنانەت دیتنی ئەو وینە و فیلمانەی کە دێنە سەر شاشەی تەلەویزیونەکان، و لە تۆرەکۆمەلایەتیکاندا بڵاو دەبنەوە گۆشەگەلێک لەو موقاوەمەتە نیشان دەدەن. ئەو رژیمە لە ژێر زەختی ئابوری و سیاسی دەوڵەتانی رۆژئاوا دایە و لە ئاستی نیودەولەتی دا تەریکتر کەوتوتەوە. کیشە و ململانیەکانی ناوخۆی، بازنەی دەسەڵاتی رۆژ بە رۆژ بەرتەسکتر کردوەتەوە. ریفورمخوازانی حکومەتی کە دەیانتوانی لە کاتی قولتر بوونەوەی قەیرانەکاندا سوپاپێکی ئیتمینان بن بۆ نەجاتی رژیم ئیعتباری خۆیان بە تەواوی لە دەست داوە و بوون بە کارتی سووتاو. ئەو بارودۆخە ئەو راستیەمان بۆ روون دەکاتەوە کە کۆمەڵگای ئێران تینووی ئالوگوری بنەرەتیە. ئەم گۆرانکاریە لە سەر دەستی هیچ هیزیکی دەرەکی کە مەبەستی دابین کردنی بەرژەندیەکانی خۆیەتی بە دێ نایەت. دوکەلی کێشە و ناکوکیەکانی نیوان ئامریکا و ئیسرائیل و دەوڵەتانی دیکەی رۆژ ئاوا و کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٠ سالی رابوردوودا، بەردەوام چۆتە چاوی خەڵکی کرێکار و هەژار و ستەملێکراوی ئەو وڵاتە و لەمەو بەدواش هەروا دەبیت. کۆماری ئیسلامی فیلبازانە ئەم ناکوکیانە لە دژی خەڵکی ئەم وڵاتە بەکار دێنێ و دەیانکاتە پاساوێک بۆ ئەو بارودۆخەی کە بە سەر خەڵکی ئەو وڵاتەی هێناوە. هەرچەشنە دل خۆشکردنێک بەوەی کە گویا لە ئاکامی زەختی ئامریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران و یان لە ئاکامی سزای ئابوری، خەڵکی ئەم وڵاتە لە چنگ ئەم رژیمە رزگاریان دەبێت، وەکوو ژەهریک وایە کە بچێتە جەستەی خەباتی ئازادیخوازانە و رزگاریخوازانە لەم وڵاتەدا. ئەگەرچی ئامریکا و باقی دەوڵەتانی رۆژئاوا خەیالی رووخاندنی ئەو رژیمەیان نیە، بەڵام ئەو هیوا بێ بنەمایە ئیرادە و بروا بە خۆ لە خەڵک دەستێنێتەوە و بێ دەنگ و چاوەروان رایان دەگرێ. ئەگەر رژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر دەستی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بەهیزی وەک، بزووتنەوەی کرێکاری، بزوتنەوەی ژنان، بزوتنەوەی خوێندکاران، بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان، بیتە بەردەم رووخان و سەرئەنجام بروخێ، لەو سورەتەدایە کە دەتوانین چاوەروانی ئالوگوری بنەرەتی لە بنەماکانی ژیانی خەڵکی ئەو وڵاتەدا بین. کەوایە با لەم رۆژەدا کە رۆژی جیهانی ژنە، زۆرتر لەسەر بارودۆخی ژنانی ئێران و ئەو زەرفیەت و توانا عەزیمەی کە لە ناخی ژنانی ئەو وڵاتە دایە و ئەو نفرەت و بیزاریە لە رژیمی حاکم، کە لە ناو دلیاندا پنگی خواردوەتەوە، بروین.

بەرێزان!

خەبات بۆ رزگاری ئینسان ژن بەشێکی جیانەکراوە لە ستراتێژی کومەلەیە لە کوردستان. ئەم ستراتێژە لە سەر پێنج خالی سەرەکی بینا کراوە:

یەکەم، پەیوەست بوونی ژنان بە بەرەی کار و زەحمەت:رزگاری ژن لە کۆت و بەندی ستەم و هەلاواردن بە هیمەتی ئەو کەسانە مەیسەر دەبێت کە هیچ قازانجێکیان لە بەردەوام مانەوەی ئەو نیزامە دا نییە. ئەوە بە مانای ئەوەیە کە هەم ژنانی پیشرەو و رۆشنبیری ئیمە دەبێ روو بکەنە ئەو هیزە لە بن نەهاتوە و ئەولەویەتی کاری خۆیان بۆ ئەم مەیدانە دابنێن. و هەم کرێکارانی پێشرەو و ووشیار دەبێ پێش هەموو کەس ئالاهەلگری خەبات بۆ یەکسانی و لە دژی پیاو مەزنی بن.

دووهەم،خەبات بۆ بە دەست هێنانی سەربەخۆیی ئابووری: سەربەخۆیی ئابووری واتە رزگاربوون لەیەخسیری گۆشەی ناوماڵ. سەربەخۆیی ئابووری بواری دابین کردنی بژیوی ژیان لەپاوانی پیاو دەردێنێ و ئەرکەکانی بەیەکسان بەسەر هەردوو لا دابەش دەکات. سەربەخۆیی ئابووری، بروا بەخۆ لەناخی ژناندا پەروەردە دەکات و لە ترس و نیگەرانی بۆ بێ دەرەتانی ژیانی دوارۆژ رزگاریان دەکات.

سێهەم،خەباتی سیاسی لە دژی دەسەڵات: لە ولاتانێکی وەکوو ئێران و عێراق کە ژنان راستەوخۆ لە رێگای یاسا و بە پاڵپشتی پارلەمان و حکومەت و دام و دەزگاکانی قەزایی و حقوقی ژێردەستە رادەگیرێن، هەر حەرەکەتێکی ژنان بۆ بەدەست هێنانی بچوکترین مافێکیش راستەوخۆ بەرەو رووی دەسەڵات دەبێتەو رەنگ و بۆنی سیاسی بە خۆیەوە دەگرێ. لەو وڵاتانە دەسەڵات راستەوخۆ لە ستەم بۆ سەر ژنان بەهرەمەندە و بێ ماف کردنی ژنان ئامرازێکە بۆ زەبرو زەنگ نواندن بە سەر هەموو کۆمەلگادا. لە رژیمێکی وەکوو کۆماری ئیسلامی و یا هەر سیستمێک کە قانونی ئە ساسیە کە ی لە سەر ئەساسی شەریعەت بیناکرابێت، هەر دەسکەوتێک تەنیا دەتوانێ بەرهەمی خەبات و موقاوەمەتی راستەوخۆ بەرانبەر بە دەسەڵات بێت. هەر بویە خەباتی ژنان لێرە نەک خەباتێکی پیشەیی، بەلکوو خەباتێکی سیاسیە.

چوارەم،ووشیاری و رێکخرابوون:ووشیاری واتە خۆ رزگارکردن لە خەوش و خالی دواکەوتوویی و کۆنەپەرەستی ، رزگاربوون لە کاریگەری فەرهەنگ و کلتوری پیاوەمزنی. ئەو کلتورەی کە دەروونی ژنانیشی داگرتوە، ئاشنا بوون لە گەل ئەزمونی دەولەمەندی خەباتی یەکسانیخوازانەی هاوچارەنوسانمان لە هەموو جیهان. بەلام ووشیاری لە رێگەی رێکخراوبونەوەیە کە دەبێتە هێزێکی مادی. پێویستە ژنان هێزی خۆیان لە رێگەی پێکهێنانی رێکخراوی جەماوەری خۆیانەوە بخەنە کار.

پینجەم:خەبات لە پێناوی کۆمەلگایەکی سوسیالیستی دا:سەرراست ترین رێگا بۆ گەیشتن بە یەکسانی پەیوەست بوونی ژنانە بەخەباتی کومۆنیستەکان واتە خەباتە لەپێناوی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی دا لەوەها کۆمەڵگایەکدا، ئەوەی کە شایستەی ئینسانی ژنە دابین دەبێت. ژن لەرووی ئابووریەوە، موحتاجی دەستی کەس نابێت. کۆمەڵگا بەرانبەر بەژیانی ئینسانە کان،هەر لەمنالیەوە هەتا لاوی، دووگیانی و منداڵداری، پیری و بەساڵاچوویی، بەرپرسیارە و ئیمکانی ژیانی سەربەست و ئاسوودەی وەکوو هەر ئینسانێکی دیکە بۆ دەرەخسێنێت.

ژن دەتوانێ ئیستعداد و توانایەکانی لەخزمەت بە بەرەوپێش چوونی ژیانی خۆی و کۆمەلگا گەشە پێ بدات. لەوەها کۆمەڵگایەکدا، ئینسانی ژن هیچ بەربەستێک لەسەر رێگەی شکل گرتنی خۆشەویستی واقیعی نابینێ. خۆشەویستی بۆ منداڵ، خۆشەویستی بۆ هاوسەر و شەریکی ژیان، خۆشەویستی بۆ دایک و باوک، هیچکام لەوانە بەهیچ چەشنە ئیحتیاجێکی مادیەوە گرێ نادرێت. لەوەها نیزامێکدایە کە ژن هەست بەئازادی دەکات.لەوەها نیزامێکدایە کە خۆشەویستی واقیعی گەشە دەکات .

بەرێزان!

بزووتنەوەی ژنان لە ئیران خەریکە لە ژیر باری ٤٠ سال سووکایەتی و ئازاری رژیمی ئیسلامی پشت راست دەکاتەوە و دەبێتە یەکیک لە بناغەکانی شورشێکی کۆمەلایەتی بە هێز لەو ولاتە. ئەو بزوتنەوەیە شانبەشانی بەشەکانی پێشرەوی دیکەی کۆمەلگا دەتوانێ تەخت و بەختی کۆنە پەرەستی لە هەموو ناوچەکە بخاتە لەرزین. با ئیمەش لێرەوە لە کوردوستانی شۆرشگیرەوە دەست لەناو دەستی هاوچارەنوسانمان لە ئیران و لە هەموو ناوچەکە بە خستنە گەری هەموو هێز و توانای کۆمەلایەتی و ووشیاریمان بە گژ کۆنەپەرەستی و پیاو مەزنی و بە گژ ئەو دەسەلاتانەی کە دەی پارێزن بچینەوە. با دەست لە ناو دەستی یەکتر ئەرکەکانی خۆمان وەکوو بەشێک لە بزووتنەوەیەکی جیهانی دژ بە نایەکسانی، بناسین و بەرێوەیان بەرین.

هەر شاد و سەرفراز بن.



****